دکتۆر قوتبەدین سادقی



# هێما و ئەفسانە لە هەڵپەڕکێ کوردی!

**لە رووی فەلسەفە و ئەفسانە، هەڵپەڕکێ کوردی چ پەیام و هێمایەکی هەیە؟**



وەرگێران لە فارسییەوە:

**ڕەحمان عەزیزی**

# هێما و ئەفسانە لە هەڵپەرکێ کوردی!

**سەما لە فەرهەنگ و ڕێوڕەسمەکاندا گرنگییەکی زۆری هەبووە و لە نێوان گەلان و مرۆڤە جیاوازەکاندا بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆش کورد نەک هەر لەم حوکمە بێبەری نییە، بەڵکو پاشخانێکی دەوڵەمەند و کولتووری و فەلسەفی سەبارەت بە سەمای خۆی هەیە. دکتۆر قوتبەدین سادقی، مامۆستای دیاری زانکۆی هونەری تاران لەم وتارەی خوارەوەدا، لە ڕوانگەی ئەفسانە، هێماکانی سەمای کوردی، یان "هەڵەپەرێکی" شی کردۆتەوە.**



# هێما و ئەفسانە لە هەڵپەرکێ کوردی!

هەر ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە فۆرم و مانا و کارکردی کۆمەڵایەتی " هەڵپەڕکێی " پێویستی بە پێشەکییەکی کورت هەیە.

لە سەرەتای بابەتەکەدا دەمەوێت تۆمەتی نەرێنی وشەی سەما و سەماکار لە فەرهەنگی نەریتی ئێراندا کەمێک ڕوون بکەمەوە و بیرتان بخەمەوە کە ئەم هەڵوێستە هەڵەیە، جگە لە پێناسە و کاریگەریی فەرهەنگی سەرەتایی عەرەبەکان، زیاتر ڕەگ و ڕیشەی لە سیاسەتی سەفەوی و فەرهەنگەکەیدا هەیە. لە هیچ کتێبێکی ئەم کات وخولەدا جگە لەمە هیچی تر نادۆزیتەوە.

بۆ نموونە «شاردن» لە سەفەرنامەی خۆیدا بۆ ئیسفەهان، بەڕاشکاوی دەڵێت: کە لە ماوەی مانەوەی لە ئەسفەهان بە چاوی خۆی بینیوێتی، هەرچەندە شا عەباس بە شەخسی باشترین گروپی سەما و مۆسیقای هەبوو، بەڵام بەداخەوە هەموو سەماکار و نمایشکار و بوکەڵەچی و هەموو ئەوانەی کاری هونەر و ڕۆشنبیرییان دەکرد، لە دەرەوەی بازنەی کولتوری فەرمی دا بوون؛ چونکە ئەو بیروباوەڕ و سیستمە ئایینی و سیاسیەی  نوێیە کە بنەماڵەی سەفەوی هێنابوویان قبوڵیان نەکرد و دڕندانە لە بازنەی فەرهەنگ و هونەری فەرمی دەریان دەکردن و هەموو ئەم هونەرمەندانەش بە پێی ئیفادەی شایەتحاڵەکەی«شاردن»، بەهۆی هەژاری و زۆرەملێ و ئینکاری لەگەڵ لەشفرۆش و دەرکراوانی کۆمەڵگادا دەژیان.

. هەروەها هەڵپەرکێکە کە لە ئێستادا بە تاکە کەسی لە ئێران نمایش دەکرێت و زۆربەی گەنجەکان لە ئاهەنگی خۆشی و ئاهەنگی زەماوەند و کلیپدا سەما دەکەن.(وە هەندێک جار مرۆڤ شەرم دەکات لە بینینی ئەوانە بەتایبەت کاتێک دەبینێت هەندێک پیاو لە سەر نەزانی و غەریزە سەما دەکەن بۆ هاندانی سۆز و جووڵە هەندێک ئەندامی سێکسی مێینە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیاران)لەوێوە دێت.

لە زمانی لۆتیەکانی گێرەرەوە ،ئەم سەمایە ناوی "ديناش ناش"ە، کە لە پێکەوەژیانی زۆرەملێی سەماکاران لەگەڵ لەشفرۆشەکان هاتووە.واتە سەر بەو قۆناغ وسەردەمە کارەساتبارونەفرەتییە.

ئەمەش نادادپەروەرییەکی ناڕەوا و هەڵەیە بەرامبەر بە هونەری سەما، چونکە لە بنەڕەتدا هونەری سەماکردن بەم شێوەیە نەبووە.

بنەمای ئەم سەما ساختەیە، بەداخەوە  ئێستاش لە زۆرێک لە میوانیە کانی بنەماله دەوڵەمەند و نادەوڵەمەندەکاندای شارەکان دا بەردەوامەودەبینرێت.وە تەنانەت هەندێک بەشیشی گەیشتووتە گردبوونەوە و ئاهەنگەکانی سەمای کیف و خوشی "لۆس ئەنجلۆس".،

بە تەواوی لەسەر بنەمای ئەم  مێژووییە، و ئەمەش لە بنەڕەتداو لەڕەگ وبناغەوە  لەگەڵ ئەو پێناسە و کولتوور و نیشانانەی کە لە هەڵپەرکێ کوردی دەیزانین لە ململانێیەکی ئاشکرادایە؛ ؛ چونکە هەڵپەرکێی کوردی لە بنەڕەتدا مانایەکی تری هەیە، کە لێرەدا کەمێک لە ماناکەی ڕوون دەکەمەوە.

قسەکانی «لوسیەن»، شاعیری سەدەی دووەمی زایینی، هیچ زیادەڕەوییەک نییە کاتێک دەڵێت: "سەما لەگەڵ جیهاندا لەدایک بووە، و لە هەموو نمایشەوزەبەخشەکانی دونیادا فاکتەری سەرەکی یەکگرتن بووە."

هیوادارم لەم روانگەیەوە هەر لێ تێنەگەیشتنێك لە هونەری سەما بەگشتی و هەڵپەرکێی کوردی بەتایبەتی لاببرێت. چونکە تا ئێستا زۆر کەس نازانن، بۆ نموونە بۆ ئەم سەما ساختەیە کە ئێستا بە تاک لە ئاهەنگی زەماوەند و هتددا دەبینرێت، ئەوەندە سووک و چرووک وبێمانایە.

ڕەنگە لە کولتوری نەریتیدا یەکەم هەست کە هەندێک کەس لە کاتی سەیرکردنی سەمادا هەیانبێت، هەستکردنی تاوانباری بەهۆی بەهاکانی جەستە و بینینی دیاردە سێکسییەکانی مێینەبێت.

دووانەی جەستە و ڕۆح شتێک نییە کە بۆ یەکەمجار دۆزیمانەوە یان پەروەردەمان کردبێت.

ئەوانەی لە روانگەی گوناهەوە سەیری سەما دەکەن تەنها سیمای جەستە دەبینن و هەموومان دەزانین جەستە و رۆح زۆر پەیوەستن.وە لە سەمادا ئەمە وروژاندنی ڕۆحە کە هاندەری جەستە بۆ زیندوو بوون و جوڵە وژیانە.

هەروەها پزیشکی دەروونی ئەمەی سەلماندووە.کاتێک تووشی نەخۆشییەک یان ناڕەحەتییەکی دەروونی دەبێت، یەکەم ڕەنگدانەوەی لەسەر جەستەت یان ئەندامەکانی جەستەت دەبێت، واتە هەر نائاساییەکی ڕۆح بۆ ئەوەی دەمارگیرییەکەی ئاشکرا بکات، یەکەم جار لە جەستەدا خۆی نیشان دەدات



## بناغەی ڕێوڕەسمەکان

**بەڵام سەبارەت بە بنەچەوبناغەی سەما دەبێ بڵێین بەگشتی ئەم هونەرە بنەچەی ڕێوڕەسمی هەیە.**

**لە هەموو جیهان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات کە شوێنی لەدایکبوونی ڕێوڕەسم و ئایینە گەورەکانە، بێ گومان سەما وسەماع توخمێکی بنەڕەتی و سەرەکین و هەمیشە و هەموو کاتێک، یەکەم شت کە سەماکارەکان لە ڕێگەی ئەم جووڵە بەرز و نائاساییی و نهێنییانەیەوە بەدوایدا دەگەڕێن، ئەو پەیوەندییە نوێ و بەهێز و هێمادارەیە کە لەگەڵ خودا و جیهانی سەرووی سروشتیدا دروستی دەکەن.**

**بۆ نموونە لە هیندستان «شیڤا» خوداوەندێکی سەماکەرە کە لە یەک کاتدا لەناو دەبات و دروستی دەکاتەوە. لێرەدا نەک هەر باوەڕداران ،سەماو هەڵپەرکێ دەکەن بۆ ئەوەی لە خودا نزیک ببنەوە، بەڵکو ئەوە  خۆدی خودا سەما دەکات.**

**بۆیە قسەکانی «لوسیەن»، شاعیری سەدەی دووەمی زایینی، هیچ زیادەڕەوییەک نییە کاتێک دەڵێت: "سەما لەگەڵ جیهاندا لەدایک بووە، و لە هەموو نمایشەوزەبەخشەکانی دونیادا  فاکتەری سەرەکی یەکگرتن بووە."**

**لە ژاپۆن کە سەما سەرچاوەیەکی تەواو خودایی هەیە، دەڵێن "خودای خۆر" لە ئاسمان هەڵهاتووە و پەنای بۆ ئەشکەوتێک بردووە. دەرگای ئەشکەوتەکەی داخست و ڕووناکی لە دونیا ستاندووتەوە. خوشکەکەی لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی براکەی ئاشت بکاتەوە ، دەستی کرد بە سەما و چۆپی کێشان. لە ئەنجامی ئارەزووی گەورەی خودا بۆ بینینی سەمای خوشکەکەی، دواجار دەرگای ئەشکەوتەکەی کردەوە و ڕووناکی گەڕایەوە بۆ جیهان.**

**بۆیە سەرچاوەی پەیوەندی خودا لەگەڵ زەوی لە فەرهەنگی ژاپۆندا هونەری سەمایە و بە هیچ شێوەیەک ئەم سەما ڕێوڕەسمانە (نە جۆری ژاپۆنی، نە جۆری هیندی، نە جۆری ئێرانی) ڕەگ و ڕیشەوسەرچاوەی سێکسییان نییە، چونکە سەما بە واتای فێربوونی جووڵەی خوداوەندەکانە.**

**. یەکێک لە باشترین نموونەکانی هەرئەم سەما و هەڵپەرکێی کوردییە.**

**چونکە وەک سەماکانی «دیناش داش» نییە کە «شاردن» لە سەردەمی سەفەویدا چاودێری کەردووە، یان لە کەلتوری عەرەبی و نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، تا ئێستاش لە ژێر ناوی "سەمای سک"دا نیشانەکانی ماوە.**

**زۆر پێویستە لێرەدا وەبیر بهێنینەوە کە "سەمای سک" هەروەها لە سەرەتاوە ڕەگ و ڕیشەی تەواو ڕێوڕەسمی هەبووە و لە سەردەمی دایک سالاریدا ڕێوڕەسمێکی پیرۆز بووە بۆ داوای نیعمەت و منداڵبوون و زیاد بوون.وە دوای ماوەیەکی زۆرە لە پیرۆزی دوور دەکەوێتەوە، دەبێتە پیشە و وردە وردە لە لەشفرۆشی نزیک دەبێتەوە.**

نموونەیەکی دیکەش کولتوری سەمای ڕێوڕەسمی ئەندەنوسیایە.ئەگەر سەما پیرۆزەکەیان "کاجاک"ت ببینیێت، جگە لە دووبارەکردنەوەی جوڵەی گروپی "ماندالا"، ئەو بازنە ئاسمانییە پیرۆزە، هیچی تر نابینیت.لەم سەمایە هیچ سۆزێک نییە وە هیچ ئارەزووی سێکسی نییە،وە بەدوای هیچ پەیوەندییەکی زەمینی تایبەتدا ناگەڕێت. هەموو شتێک گەڕانە بۆ پەیوەندی نێوان زەوی و ئاسمان.گەڕان بەدوای پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆحدا.

تەنانەت لە ئایینی مەسیحیشدا بەڵگەنامەمان هەیە کە دەریدەخات مەسیحییەکان لە کاتی ناشتنی شەهیدەکانیاندا لەسەر گۆڕەکانیان سەمایان کردووە.

واتە پیرۆزی و باوەڕی ئەفسانەیی بەرامبەر بە هونەری سەما لەوێدا هەمان شتە، ئەمە شتێک نییە تەنیا لە ڕوانگەی عیرفانیی و مەعنەویی ئێمەوە پەیوەندیدار بێت و بەرز بکرێتەوە.

لە ڕێوڕەسمی زاردا، کاتێک "با سوور" یان "با ڕەش" کە جۆرێکە لە نەخۆشی ڕووحی-دەروونی، مرۆڤێک داگیر دەکات، "بابەزار" یان "دایکەزار" کەسە نەخۆشەکە لە ناوەڕاستی خێڵەکە یان ئەو... گۆڕەپانی گوندەکە دادەنیشێت و ئامێرێ موسیقایی دەژەنێت و سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن بەجۆرێک کە ئاگایی نەخۆشەکە لەگەڵ نائاگایی "جەماوەر" دەبێتە یەک، و لە ئەنجامی ئەم یەکگرتنەوە، ئازارەکەش دابەش دەبێت و بە ئاسانی و بە ئاسوودەیی دەگاتە ڕزگاری.

لە بابەتی "سەماع"دا ئێوە بینیتان کە هەڵپەرکێ و جوولە کە گرنگی زۆری لە عیرفانییەت تەسەوفدا هەیە. گەڕانی عیرفانیی ئەو سۆفییەی ئەهلی تەریقەت بۆ گەیشتن بە خودا و مەعنەوییەت تەنیا لە ڕێگەی ئەم جووڵانەوە و هەڵپەرکێیە دێتە دی. هەر لەبەر ئەم هۆیەش شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت پێکەوە دەگونجێنن بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو پەیوەندی و مانایەی کە دەیانەوێت بەدەست بهێنن.

ئەو ڕێگایەی کە پەیرەوی لێ دەکەن بە تەواوی ئازاد و تاکەکەسییە و بەم شێوەیەش بۆ ڕزگارکردنی ڕۆح لە بارگرانییەکانی بۆ ئەوەی پەیوەندی بەو ئایدیاڵە گەورەیە بکات «سەماع» ئەنجام دەدەن.

لە هەموو مەراسیمەکانی "شەمەنیزم"دا، شامان (گەورە و جادووگەر و پزیشکی هۆزە سەرەتاییەکان) هەموو مەراسیمە چارەسەریی و شیفا و گرووپییەکانی خێڵەکەی بە یارمەتی سەمای جۆراوجۆر ئەنجام دەدات.

نموونەیەکی زۆر سادە بریتییە لە ڕێوڕەسمی "خوێندنەوەی پەری" لای تورکمانەکان یان ڕێوڕەسمی "زار" لە باشووری ئێرانە.

بۆ نموونە لە مەراسیمی ماتەمین  لە ڕێوڕەسمی زاردا، کاتێک "با سوور" یان "با ڕەش" کە جۆرێکە لە نەخۆشی ڕووحی-دەروونی، مرۆڤێک داگیر دەکات، "بابەزار" یان "دایکەزار" کەسە نەخۆشەکە لە ناوەڕاستی خێڵەکە یان ئەو... گۆڕەپانی گوندەکە  دادەنیشێت و ئامێرێ موسیقایی دەژەنێت و سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن بەجۆرێک کە ئاگایی نەخۆشەکە لەگەڵ نائاگایی "جەماوەر" دەبێتە یەک، و لە ئەنجامی ئەم یەکگرتنەوە، ئازارەکەش دابەش دەبێت و بە ئاسانی و بە ئاسوودەیی دەگاتە ڕزگاری.

بۆیە لە هەموو ئەم  ڕێوڕەسمانەدا، سەماکردن تەنیا بۆ مەبەستێ ، پەیوەندی ڕۆحی ودەروونی بەکار دەهێنرێت.

دواتر کاتێک دەگەمە لایەنە ڕەمزی و مانادارەکانی سەمای کوردی، زیاتر ڕوونی دەکەمەوەکە بەڕاستی مانای چییە و هەمووی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت.

خاڵێکی دیکە کە بە پێویستی دەزانم باسی بکەم ئەوەیە کە لە هەموو ئەو سەفەرنامەنەدا کە لە سەردەمی سەفەوی بەدواوە لەبارەی ئێرانەوە نووسراون، هەر جارێک ڕێبوارێک، چاودێرێک یان سەفەرنامەنووسێک دەیەوێت لەسەر ڕێوڕەسمی ئایینی تاسوعا و عاشورا لە سەردەمی موحەڕەمدا بنووسێت، بەبێ ئەوەی جیاوازی،ڕێوڕەسمی «سنگ لێدان» و کاروانگێڕان بە ناونیشانی "سەمای دینی و ئایینی" ناو دەبات.

چونکە هەمووان " «سنگ لێدان» " بە جۆرێک لە "سەمای ئایینی"دادەنرێت. بە وتەی ئەوان هەموو ئەو دیزاین و جوڵە جوانانەی «سینگ لێدان» کە لە ئێراندا هەیە، بە شێوازی خۆیان سەمایەکی مەعنەوی و شکودار و گرووپییە.

. ساڵی ڕابردوو لە دامغان سنگ لیدانێک بەشێوەی سووڕانەوەم بینی کە ڕێک لە شێوە و جووڵە و دیزایندا لە فۆڕمی ڕەمزی خۆر و پیرۆزی دووبارەکردنەوەی ڕێوڕەسمی« ئایینی مێهری» بوو.

لەوێدا «دەستەی سنگ کوتان» لە بازنەیەکی فرە چینی داخراو و شەپۆلداردا دەجووڵان و لەگەڵ هەر جووڵەیەکی قاچ و بەشی سەرەوەی جەستەدا دیزاینێکی زۆر شایستەیان لە یەکێتی نەتەوەیی و جووڵەی خۆر دروست دەکرد. ئەگەر لە هەر شار و ناوچەیەکی تردا جۆرەکانی تری ئەم مەراسیمە ببینیت، جۆرێکە لە سەما، جۆرێکە لە هارمۆنی و مەبەستیان ئاشکراکردنی ئەو کەسانەیە کە بەدوای مانا و ڕۆحانیەتدا ، یان لانی کەم بۆ میانڕەوی دەگەڕێن.

بۆیە مەبەست لە سەماکردن تەنها گەیشتن بەخۆشی و خولیاکانی ژیان نییە. بێگومان ئەم پاڵنەرە لەهاندان و چەمک و پراکتیکی سەمادا بوونی هەیە و منیش لە شوێنی خۆیدا ڕوونی دەکەمەوە.

بۆ فراوانکردنی بابەتەکە، با یەک یان دوو خاڵی بنەڕەتی دیکەتان بیر بخەمەوە کە پەیوەندییان بە دەروونی مرۆڤ و ئاسایشی ڕۆحییەوە هەیە و بە چەمک و نمایشی سەما نامۆ نین:

هاوسەنگی و یەکسانی ،یەکێک لە مەیلە گەورەکانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی دەروونییە.

ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە هاوسەنگی هەیە، و پێمان خۆشە لەگەڵ دیاردەکانی دەوروبەرمان، لە نێوان خۆمان و کۆمەڵگاکەمان و سروشت و ناوەوە و دەرەوە و لە نێوان ئەو هێزە ناکۆکانەی کە دەیانناسین و هەمیشە لە ململانێدایین هاوسەنگی دروست بکەین. لە ڕاستیدا ئەوە هاوسەنگییە کە ئارامیمان بۆ دەهێنێت. ئەرک وکارایی هەڵپەرکێ وسەما لە جەوهەرەکەیدا مەیلی بەرەو ئەم هاوسەنگییە تایبەتە نیشان دەدات. بۆیە ئامانجێکی دیکەی سەمای تاکەکەسی و گروپی بێ گومان ئازادکردنی وزەی زیادەی دەروونییە. لە مرۆڤدا هێزێکی هەڵگیراو وپاشەکەوت کراو هەیە کە دەبێت ئازاد بکرێت. ئەگەر ئەو وزەیە بەمێنێتەوە و فڕێ نەدرێت، مرۆڤ نەخۆش دەکات. وەک ئاو وایە کە ئەگەر بە چەقبەستوویی بمێنێتەوە دەبێت بەچلک ئاو. لەم حاڵەتەدا تەنیا جەستە وشک نابێتەوە، ڕۆحیش وشک دەبێتەوە.

یەکێک لە ڕێگاکانی ئازادکردنی ئەم وزە زیادەیە لە کۆمەڵگاکانی ئێستادا دروستکردنی یاریگای وەرزشی گەورەیە و دەستپێکردنی پێشبڕکێی بچووک و گەورەیە بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک نەوەی گەنج بتوانێت بۆ ئازادکردنی وزەی زیادەیان سوودیان لێ وەربگرێت . سەدان هەزار بینەری گەنج کە بۆ سەیرکردنی یارییەکان کۆدەبنەوە و بە یەک دەنگ هاوار دەکەن، تەنها بۆ ئەوەیە لە بارگرانییە جەستەیی و دەروونییە زیادەکانیان ڕزگاریان بێت.

هەموو ئەو بارگرانییانەی لەسەر ڕۆح و ڕەوانمانە، لە پەیوەندی نادروست و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەوە سەرهەڵدەدەن. ئەوانە فشارێک بەسەرماندا دەسەپێنن کە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرێی دەروونی-جەستەیی. ئەم گرێیانە دەبێت بکرێنەوە و هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بۆ ڕزگاربوون لێیان جگە لەوەی مرۆڤ بگاتە هەڵدێران دەرچوونێکی وزە زیادە کانی ڕۆحی ودەروونی. ئەم ڕزگارییە دەروونییە تەنیا لە ڕێگەی جووڵەی جەستەییەوە بەدەست دەهێنرێت. یەکێک لە جوانترین و سادەترین ڕێگاکان هەمان ئارەزووی سەماکردن و جوڵە ڕیتمییەکانە .

با لەبیرمان بێت کە سەما یەکێکە لە هونەرە کۆنەکان و یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی دەربڕینی گەشبینانەی مرۆڤە بەرامبەر بە ژیان. مرۆڤ تەنها بۆ ڕزگاربوون لەو وزە زیادەیە سەما ناکات و بگاتە هاوسەنگی، بەڵکو سەما دەکات چونکە بە بەرزکردنەوەی جەستە، بە زیندوو ڕاگرتنی جەستە، دەربڕینی گەشبینانەی خۆی بەرامبەر بە ژیان نیشان دەدات.

# هێما و ئەفسانە لە هەڵپەرکێ کوردی!



**ئێمە لە هونەردا باسێکمان هەیە و دەڵێین لە هەر شوێنێک مەسەلەی ڕۆح باس دەکرێت، باسی مەرگیش دێتە پێشەوە (وەک تراژیدیا). چونکە ڕۆح بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەیوەندی بە مردنەوە هەیە. هەروەک چۆن جەستە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە (وەک کۆمیدیا).**

**بۆیە لە هەر کات و شوێنێک پرسی جەستە باس دەکرێت، گەشبینی بە ئایندەی مرۆڤ، بە بەراورد بە ژیان،بە بەراورد بە مانەوە، وە سەبارەت بە بەردەوامی نەوەی، هەروەها باسی لێوە دەکرێت.**

**بۆیە هیچ شتێک وەک جووڵەیەکی ڕیتمیی جەستەیی و شایستە وشکۆمەند ،ئەم گەشبینییە ئینسانییەیە بۆ داهاتووی خۆی دەرناخات .**

**لێرە بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی هونەری سەما و گرنگی ئەرکی دەروونی، ئامار و ڕاپۆرتێکتان پێ دەدەم کە زۆر ڕۆشنگەر و ڕوونە.**

**هەمووومان دەزانین کە ساڵانێکی زۆرە بەشێک لە هاو وڵاتیە کوردەکانمان لە پارێزگای ئیلام بە شێوەیەکی زۆر خراپ و بێ بەزەییانە بەدەست قەیرانی گەورەی "خۆسووتاندنی ژنان"ەوە دەناڵێنن، کە لەم دواییانەدا ڕەهەند و گەشەسەندنی ترسناکی بە خۆوە گرتووە.**

**لە ڕاپۆرتێکدا خوێندمەوە کە لە باشترین مانگەکانی ساڵدا کە وەرزی بەهار و خۆشەویستی و خۆشی و وەرزی ژیان و گوڵکردنی زەوی و سروشتە، مانگانە سی و هەشت ژن و کچی گەنج ئاگر لە خۆیان بەردەدەن.**

**پسپۆڕان بەدواداچوونیان بۆ هۆکار و ئەنجامەکان کرد و ڕایانگەیاند دەبێت چی بکرێت و چ ڕێوشوێنێك بگیرێتەبەر و بیر لە چ پلانێک بکرێتەوە؟**

بینییان کە ڕۆحی خەڵک لە ئەنجامی ساڵانێک لە هێڵی پێشەوە بەرەی شەڕ بوون و کێشە ڕوحی-دەروونییەکان بەهۆی دڵەڕاوکێی شەڕەوە دروست دەبن، بە سەختی وشک بوونەتەوە. بێگومان بینیان ئەم خۆسووتاندنانە سێ چوار هۆکاری تریش هەیە ، کە یەکێکیان پیاوسالاری نەریتییە.

یەکێکی دیکەیان جیاوازییەکی گەورەی نێوان ئاستی ژیان و ئابووری خەڵکی ئیلامە بە بەراورد لەگەڵ شار و شوێنەکانی دیکەی وەک تاران. هۆکاری دوایی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو بەرنامانەیە کە لە تیڤیدا نمایشی دەکەن. چونکە بینیویانە هەموو فیلم و زنجیرەیەک کە لە تیڤیدا پەخش دەکرێت بە شێوەیەکی سەیر شیک و ئاوەدانییە و وە خەڵکەکە لە دۆخێکی باشدایە و بارودۆخی ژیانیان زۆر باشە، لە کاتێکدا خەڵکی ئیلام بە بەراوردکردنی دۆخی ئابووری-کۆمەڵایەتی خۆیان دەبینن کە وا نین و مەوداو کەلێنەکان زۆر گەورەن.


پێنجەمین تایبەتمەندیی هەڵپەرکێ کوردی، لە پێداندایە. چونکە پێش هەموو شتێک سەمایەکی سەر بە نەتەوەیەکە کە بەشێکی زۆری خەڵکەکەی لە شاخدا ژیاون. بۆیە سەماکاران پێویستیان بە قاچێکی بەهێز هەیە بۆ ئەنجامدانی.

بۆیە بەمەبەستی گۆڕینی باری دەروونی و ئارامکردنەوەی دەمارەکان و زیادکردنی هەندێک وروژاندن و خۆشی بۆ ژیانی خەڵک، کۆمەڵێک لە پسپۆڕان بڕیاریاندا زنجیرەیەک بەرنامەی هونەری لەوانە مۆسیقا و سەمای کوردی ڕێکبخەن .

دوای یەک یان دوو تێنەگەیشتن و بێلایەنکردنی چەندین بەرخۆدانی ناوخۆیی و تاکەکەسی، دواجار ئەمە ڕوویدا و دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان ڕێککەوتن لەسەر پێشکەشکردنی سەما و مۆسیقای کوردی لە ئاهەنگەکانی ساڵیادی شۆڕشدا.

ئەنجامەکەی جێگەی سەرسوڕمان بوو. ئاماری مانگانەی سی و هەشت خۆکوژی ژنان بەهۆی خۆسووتاندنەوە. کەمکرایەوە بۆ هەشت خۆسوتاندن لە مانگێکدا.واتە لە ڕێگەی موعجیزەی هونەری مۆسیقا و سەما کە تازە باسمان کرد، و لە ڕێگەی خۆشی و بەئاگا هاتنەوەی خولیای ژیان بە یارمەتی هونەر،دەتوانیت هیوا بۆ ژیانت بەگەڕێنینەوە، وە لەو مانگەدا، تەنها لە یەک شاردا، ڕێگری لە سی خۆکوژی بکرێت!

## تایبەتمەندیەکانی هەڵپەڕکێی کوردی



### ١- با یەکسەر ڕوونی بکەمەوە کە هەڵپەڕکێی کوردی هەست و جوڵەی گروپە نەک تاکەکەسی.

**وەک سەمای "دیناش ناش" کە زیاتر بۆ پێشکەشکردنی هەندێک ئەندامی سێکسییە، بە هیچ شێوەیەک ئامانج و جوڵە و مانای لەو جۆرەی نییە.هەڵپەڕکێی کوردی شەریف و ڕێوڕەسمییە، هەرگیز بۆ نمایش یان بۆ بەرزکردنەوەی نرخی جەستە یان لەشفرۆشی ئەنجام نادرێت. بەڵکو سەمایەکی گروپییە وە خاوەنی پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژە و و پەیوەستە پەیوەندی بە ڕاستی و هەموو ئەو بەها ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و ئەفسانەییانەی کۆمەڵگاوە کە لێیەوە سەریان هەڵداوە.**

**"هەڵپەڕکێ" لە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکی فەرهەنگی و هونەرییە بۆ یەکگرتوویی زیاتر و یەکخستنی بنەما کۆمەڵایەتی و بنەڕەتییەکانی نەتەوە و عەشیرەت و بنەماڵە و شار و ناوچە کوردەکان.**

**کارەکەی ئەو،هەم پاسەوانی و پاراستن و دووپاتکردنەوەی بنەماکانی فەرهەنگی کوردی و ئەفسانەکانیانە.**

**کاک دکتۆر کزازی زۆر بە باش باسی ئەفسانەی کرد. من چیتر زیادەڕەوی و وشەی تر زیاد ناکەم.**

"ئایین و ڕێوڕەسم" لە ڕاستیدا ئەو جلوبەرگەن کە جەستەی "ئەفسانە" دادەپۆشن و ئەفسانە بە واتای کارەکتەرێک یان چیرۆکێک دێت کە پەیوەندی و پەیوەستە بە شتە سەروو سروشتیەکانەوەهەیە.

بۆیە تا ئەو کاتەی "دوبارەبوونەوە" نەبێت، ئەفسانە زیندوو نییە. بۆیە لەگەڵ هەموو کۆبوونەوەیەکی "هەڵپەڕکێ" ، و لەگەڵ هەر دووبارەبوونەوەی بزووتنەوەی "هەڵپەڕکێ"دا، جارێکی تر ئەفسانە زیندوو دەکەیتەوە و یەکگرتوویی نەتەوەیی دروست دەکەیت.

ئەم یەکڕیزییە بۆ ئەو کولتوورانەی کە بە درێژایی مێژوو و بەردەوام لەلایەن بیانییەکانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و داگیرکراون و نائەمنی جوگرافی و مێژوویی و بژێوییان هەبووە ڕۆڵێکی زۆر چارەنووسساز ویەکلاکەرەوە دەگێرێت و وە خەڵک پێویستیان بەم یەکگرتووییە و ئەم یەکڕیزییە و ئەم هاودەنگییە و ئەم یەکبوونە هەیە.



## ٢- تایبەتمەندی دووەم و زۆر بنەڕەتی "هەڵپەڕکێ کوردی" بەکارهێنانی دەسماڵە.

لە زمانی کوردیدا سەما بە "هەڵپەرکی"ناودەبرێت.،کە بە مانای ڕاستەقینەی خۆی بە واتای بازدان بۆ هەوا دێت و هێمای سەرەکیش ئەم دەسماڵەیە.بەکارهێنانی دەسماڵ واتە ئازاد و ڕزگاربوون و بازدان ، کە بە واتای فڕین و بەرزبوونەوە دێت. ئەگەر "ڕزگاری" لە سەمای کوردی بەستێنەوە هیچ شتێکی گرنگ لێی نامێنێتەوە وە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ جووڵەیەکی ئاسایی نابێت. دەستماڵ بە واتای بەرزبوونەوە و فڕینە، چونکە ئەو بایەی لێی دەدات مانای جوڵەیە، بە واتای سۆز ، بە واتای بزووتنەوە دێت. مانایەکی دیکە بریتییە لە دامەزراندنی "پەیوەندی نێوان زەوی و ئاسمان".دەستماڵ، وەک ئاڵا وایە کاتێک هەڵدەدرێت،مرۆڤ و خودا بەیەکەوە پیوەند دەدات، زەوی و ئاسمان، یان مادده و مانابەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئاڵا هێمای عەقیدەیەکەو دەربڕین و گوزارشت لە ئایدۆلۆژیایەک دەکات. هیچ حیزبێک ،هیچ ئایینێک ، هیچ وڵاتێک، وە هیچ نیشتمان وکولتوورێک نییە کە ئاڵای نەبێت. هەروەها هیچ کۆڕێکی هەڵپەڕی کوردی نییە کە "سەرچۆپی کەش" (سەر دەستەی هەڵپەڕین) دەسماڵی پێ نەبیت. لە پشت ئەم دەستماڵەوەئامانج و بیرۆکەیەکی جووڵە بزووتنەوەیی هەیە، یان باشترە بڵێین بیرێکی دینامیکی هەیە . لێرەوە دەتوانین ببینین کە بەکارهێنانی تەسبیح لە جیاتی دەستماڵ لە کاتی "هەڵپرکێ" لە هەندێک ناوچەی کوردستانی عێراق چەندە نادروست و بێ پرەنسیپ و شێواوە.

چونکە تەنیا دەستماڵە کە بە نەرمی و سووکیی لەڕادەبەدەر دەشکێتەوە،وەک ئۆبژەیەکی ڕەمزی نوێنەرایەتی جووڵە و پێشکەوتنی هەموو گروپەکە دەکات ، و بانگهێشتی هەمووان دەکات بۆ هەڵسان و ڕاپەڕین و فێرمان دەکات کە، وەک با کە لە دەستماڵەکدا پێچراوە، مرۆڤ دەبێ زیندوو و چالاکی و ئازاد بێت. ئەگەر نەبوایە چیتر پێویستیان بە دەستماڵ نەدەبوو و دەیانتوانی بە دەستی ڕووت سەما بکەن.



**٣- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە دیارەکان"هەڵپەڕکێ"، گرووپێکی بەردەوامە کەبە کەسایەتەی "سەرچۆپی کێش"ەوە بەستراوەتەوە .**

**ئەوەش لە ڕێگەی سەماکارێکەوە بە دەستماڵێکی ترەوە. جومگەی ئەم سەماکارەی دووەم لەگەڵ "سەرچۆپی کێش" دیسان بە دەستماڵێکە. بەجۆرێک کە سەرکردەی سەما یان "سەرکردە" بە کردەوە ئازاد بێت. لێرەدا سەرکردە نموونەیی چالاکی و لێهاتووە کە دەیەوێت ئازاد و بێ سنوور بێت، لە کاتێکدا هەموو گروپەکە بە توندی و بە شێوەیەکی هاوڕێیانە دەستی یەکتریان گرتووە بە ڕەچاوکردنی نەزمی بەکۆمەڵ پابەندن . "سەرچۆپی کێش" دەتوانێت دەیان گۆڕانکاری لە دۆخی جەستەدا بکات، جوڵەی وردتر پیشان بدات، ئەزموونی ڕیتمەکانی تر بکات، باز بدات، بچێتە پێشەوە،بگەڕێتەوە دواوە،بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە ، یان وێنەی تر دروست بکات،بەڵام ئەو گرووپە مافی ئەوەی نییە ڕیتمی جێگیر و جووڵەی بنەڕەتی باو تێکبدات و بچوکترین گۆڕانکاری لە ڕێکەوتنەکانی جووڵەدا بکات. جوانی کاری گروپی یەکگرتوویی ویەک دەست بوونیانە. ئەم پێکەوەبوون و ڕێکوپێکی جووڵەیە بە شێوەیەکی ڕەمزی هێمای پەیوەندی نێوان تاک و و گروپە. ئەگەر وردتر قسە بکەین، هێمای پەیوەندی نێوان سەرکردە و گەلە، یان پەیوەندی نێوان سەرکردە و میللەتە. لە هەموو کۆمەڵگایەکی ڕێکخراودا بە درێژایی مێژوو،گشت کاتێک هەموو گروپێک« - و لێرەدا یادەوەری کۆمەڵگەیەکی دێرین - »هەمیشە باوەڕیان بە سەرکردەیەکی بەهێز کە ئازادە بۆ ئەوەی بتوانێت بزووتنەوە داهێنەرانە و بەتواناکانی خۆی نیشان بدات هەبووە . جێگای سەرنجە کە دوای هەر گۆڕانکارییەکی جوڵەوبزووتنەوەی داهێنەرانە و هەر شێوازێکی تاقیکاری تاکەکەسی، "سەرچۆپی کێش" یەکسەر ڕیتم و ڕێزبەندی گروپەکە دەدۆزێتەوە و جارێکی دیکە لەگەڵیان هاوکات دەبێتەوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پێکهاتەی "هەڵپەڕکێ"، کوردی، کە تەنانەت لە دوورەترین گوندەکانی کوردستاندا تێکەڵێك لە ژن و پیاوە، و پێی دەڵێن "ڕەش بەڵەك" یان "گەنەم وجۆ"، جۆرێکە لە دانپێدانان بە بوونی بەهێز و یەکسانی پێگەی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو. وە ئەمە هیچ مانایەکی تری نییە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ لە کوردستاندا زۆر کۆنە، چونکە لە کولتوری "کۆچەری"دایە کە ژنان لە پشت پیاوانەوەن بەڵام لە کەلتوری کشت وکاڵیدایە هەمووان بە یکسانی بە جێگە و پێگەی خۆیان دەگەن. بەڵام بە مانایەکی قووڵتر دەکرێ وەک هێمایەکی کۆنتریش سەیر بکرێت، کە لە ئەنجامی تێگەیشتنی لە سروشت و زانیارییە سەرەتاییەکانی مرۆڤە دێتە ئاراوە کە لە یەک شوێن بوونی سەردەمی کشتوکاڵییەوە سەرچاوەی گرتووە سەبارەت بە دووبارەبوونەوە و گرنگی و بەردەوامی مانگ و وەرزەکان و بە تایبەتی ڕێزبەندی "شەو" و "ڕۆژ".**

## ٤- تایبەتمەندی چوارەمی «هەڵپەڕکێ کوردی» شێوەی "بازنە"یەتی.

بێ گومان فۆرمەکانی «هەڵپەڕکێی کوردی» و «هەڵپەڕکێی» دیکەی لەو جۆرە سەر بە سەردەمی کشتوکاڵی و ئەو سەردەمەیە کە شۆڕشی کشتوکاڵی روویدا. وە خۆشبەختانە لە ناوچەیەکی جوگرافی بوونی خۆمان ڕاگەیاندووە کە زۆر زوو شۆڕشی کشتوکاڵی دەستپێکردوە شارستانییەت دەستی پێکردووە.

من هیچ کاریەکم بە ئارییەکانەوە نییە، کە زۆر درەنگ چوونەتە ئەم ناوچەیە، بەڵام لە تەنیشت ئێمەدا، خەڵکی "نێوان ڕووبارەکان" نزیکەی ٨٥٠٠ ساڵ پێش مەسیح چوونەتە ناوقۆناغی کشتوکاڵییەوە.

دواتر لە فەلاتی ئێرانیشدا کەوتینە ژێر کاریگەری ئەوانەوە لە فەلاتی ئێراندا ئێمە چووینەتە ناو ئەم قۆناغەوە، و هەر چوار کولتووره گەورەکە کە لە تەنیشت ئەوان و لە ڕۆژئاوای فەلاتی ئێراندا هەڵکەوتوون، واتە شارستانیەتی ئیلامییەکان و کاسیەکان و لولۆبیەکان و گۆتەکان ، بە خێرایی گەیشتە ئەم شێوازەی ژیان و لەگەڵ ئەمە چەمکەکان ئاشنا بوون. لە ژێر کاریگەری شۆڕشی کشتوکاڵیدا زۆر زوو چەمکی "کاتی بازنەیی" و چەمکی "گەڕانەوە"مان ناسی. هەروەها ئەوەی لە «هەڵپەڕکێ کوردی» زۆر بنەڕەتییە ئەمە شێوەی "بازنە"یە. ئیمە شێوەی بازنەمان لە گەڕانەوەی وەرزەکان و ساڵ و سروشتدا و بەگشتی لە ساڵنامە و چەمکی کاتژمێر و پێوانەکردنی کات دۆزیەوە. چونکە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو تۆوە بین کە چاندمان، پێویستمان بە زانیارییەکی وردبوو لەسەر دابەشکردن و چەمکی کات، پێویستمان بە فەلەکناسی و جووڵەی مانگ و خۆر و ئەستێرەکان تا بچووکترین گۆڕانکارییەکانیان هەبوو.

ئاغای دکتۆر کەزازی پێشتر گوتبووی کە چۆن لە ڕابردوودا باوباپیرانمان ساڵی ئەفسانەییان ((کە لەگەڵیدا دروستکردن پێناسە دەکرێت)) لەگەڵ ساڵی سروشتیدا هاوتا کردووە. وە هەموو ئەمانە بۆ ئەوە بوو کە کاتەکانی چاندن و دروێنەکردنی بەرهەمەکان پشتگوێ نەخەن و ئەو تۆوانەی کە چاندیان لەناو نەچێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش یەکێک لە گرنگترین شێوەکان کە دۆزییانەوە شێوەی گەڕانەوە یان شێوەی بازنە بوو کە هاوکات تەواوترین شێوەیە. بێگومان پێشتر مرۆڤ لە ئەزموونێکی تر و سەرەتاییتردا شێوەی بازنەکەی دەزانی. لە شەوانی سەردەمی کۆچەری پێش کشتوکاڵدا، هەروەها لەو قۆناغەی کە لە سروشت میوە هەڵگر بوو و بۆ گەڕان بەدوای خۆراکدائاوارە دەبوو، لەو قۆناغەدا مرۆڤ لە هۆزە سەرەتاییەکاندا،شەوانە پشت بەتاریکی دادەنیشتن و ڕوویان لە سەرچاوەی ئاگرەکە دەکرد و چاو لە چاویان یەکتردەڕوانی بۆ ئەوەی لە دوژمن وە ئاژەڵە کێوییەکان و تاریکی دوور نەترسن. مرۆڤ لەو کاتەوە بازنە دەناسێت. بەڵام زانیاری ڕاستەقینەی لەکات و قۆناغی کشتوکاڵیدایە. وە بینینی مرۆڤ لە خولانەوە و سووری سروشت وە گەیشتنەوە و وەرچەرخانی وەرزەکان. بۆیە بوونی «تناسوخ»«گۆڕان»«"لەدایکبوونەوە"» و باوەڕبوون پێی لە هەموو ئایینە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا، بەڕێکەوت نییە. شێوەی بازنە تەنها گەڕانەوە بۆ سەردەمی ئەفسانەیی نییە. تەنها بۆ کوشتنی ترس و بەهێزکردنی ڕۆحی بەکۆمەڵ نییە، بەڵکو بۆ نیشاندانی هاودەنگی گرووپییە بە باشترین شێوەیە.

دواتر کاتێک بووینە "میترایست" و هاتین وە گەیشتینە "ئیزد مێهر". و هالۆی دەوروبەری و «ئەڵقەی مێهرمان» وەک خودای پەیمانەکان و خوداوەندی جەنگ و هتد ناسیەوە، جارێکی دیکە بازنەمان وەک گرنگترین هێما و دەرکەوتنیان لەبەرچاو گرت.

ئەرکی گرینگتری هەنگاو لە «هەڵپەڕکێ کوردی» دا لە "مانای شاراوەی"دایە نەک لە شێوەی جەستەیی. وە پێکدێت لە لێدانی زەوی بۆ ئەوەی بەئاگا بێتەوە. مرۆڤ لە سەردەمی کشتوکاڵیدا پێویستی بە زەوییەکی زۆر بوو.

بازنە واتە گەڕانەوە بۆ سەرەتای هەموو شتێک.واتە ئەو ئەبەدییە ونبووەی کە مرۆڤ هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێت. وە جێگەی سەرسوڕمانە کە هیچ فۆرم و ڕیزێکی سەمای کوردی نییە کە لە شێوەی بازنەدا نەبێت. بە شێوەیەکی شەخسی و بە چاوی خۆم لە شاری سەقز من ئاهەنگێکی«هەڵپەڕکێ کوردی»م بینیوە کە ٨٠ کەس دەستیان گرتووە و لە بازنەیەکدا هەڵدەپەڕین، هەروەها بینیومە چوار کەس بوون.دیسانەوە کەوانەیەکیان بە سووڕی ڕیتمیی خۆیان دا و بەبێ ئاگاداری خۆیان لە بازنەیەکدا هەڵدەپەڕین. بۆیە یەكێك لە مانا و لێكدانەوەكانی «هەڵپەڕكێ كوردی»دەدۆزرێتەوە ، دروستكردنی ئاسایشی دە روونی تاك و گروپ لە خولانەوە و دووبارە کردنەوەی سەماکە لە شێوەی بازنە کەدایە، چونکە بازنە کە بە شێوە داخراو و تەواوی خۆیە وە ئاسایشی دەروونی تاک لە دڵی گروپەکەدا دابین و مسۆگەر دەکات. لە "لالەش" ناوەندی ئێزدییەکان لە کوردستانی عێراقدا، بینیم چۆن ئەوانیش لە بازنەیەکدا دەسوڕێنەوە. لە هەڵپەڕکێ کوردی "هاوشار"دا، هەموو خولانەوەی سەر و قۆڵ و قاچ و پشت، یان هاتنە ژوورەوە و دەرچوونی بشداران تەنیا لە شێوەی بازنە، یان وردتر بڵێین لە ڕۆڵی خۆرە دایە . لەو دوو گەشتەی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر وەك دەرهێنەر و دیزاینەری گروپی سەمای کوردی "ئاوییەر" بۆ یۆنان و بێلاڕوس ئەنجاممدا،و کارەکانی گروپەکە لە هەردوو فێستیڤاڵی جیهانی لەوێ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و سەرنجی وەرگرت، چونکە پسپۆڕان و دادوەرەکان باوەڕیان وابوو ، «هەڵپەڕکێ کوردی» تا ئێستاش جوانترین و ڕەسەنترین سەمایە لە جیهاندا. چونکە دەست لە فۆرمە دێرین و ئەفسانەییەکانی نەدراوە و هیچ شتێک لە بەها ناوەکی و مانادارەکانی کورت نەکراوەتەوە. مانا ڕەمزییەکانی ئەم «هەڵپەڕکێیە» کاتێک ئاڵۆزتر دەبن کە بۆ نموونە دەبینین لە شوێنێک «هەڵپەڕکێ» مانایەکی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت، لە شوێنێک مانایەکی عیرفانیی، لە شوێنێک مانای شێعری وخۆشەویستی، لە شوێنێک مانای ئەفسانەیی و شوێنێکی دیکە مانای جەنگی. وە بێگومان هەندێک جار هەر پێنج ماناکە یەکدەگرن و جیاکردنەوەیان زۆر ئەستەمە.



**٥- تایبەتمەندی پێنجەمی "هەڵپەڕکێ کوردی" بریتییە لە "پێدادان"، واتە پێی سەماکارەکان بەسەر زەوی دا پێدەدەن.**

ئێمە دەزانین سەمای کۆن و نوێ زۆرن کە جووڵەکانیان ئەوەندە لێدان نییە بەڵکو جوڵە و مەزاجێکی زۆر ئارام و نەرمیان هەیە. بەڕاستی بۆچی «هەڵپەڕکێ کوردی»ئەوەندە گرنگی بە جوڵەی پێ و هێز دەدات؟ماوەیەک لەمەوبەر لە ڕاپۆرتێکی بەپەلەدا لە هەوادارێکی ئەم هەنەرە ، بیستم کە گویا"هەڵپەڕکێ کوردی""وانەی ئەخلاقی" دەبەخشێت.. ئەمە ڕاست نییە. پێموایە بیرۆکەی ڕۆڵ و ئەرکی "پەروەردەیی" بۆ هونەری سەما زیادەڕەوی و زۆر سۆزدارییە. لانی کەم بۆچوونێکی تاکەکەسی و نازانستییە. سەما بۆ فێرکردنی ئەخلاق نییە. چونکە چەمکی ئەفسانەیی لە ناو«هەڵپەڕکێ کوردی»دا زۆر زیاتر هەیەکە لە ڕووکەشبوون وپۆبلیسیزمی دووری دەخاتەوە. باشتر وایە لەبری ئەوەی بەدوای چەمکی بانگەشە وپروپاگەند بگەڕێیت، بەدوای بەها ئاڵۆزتر و ڕەگداکوتاو و قووڵتردا بگەڕێین، کە هەزاران ساڵە لە نائاگایی نەتەوەیی ئێمەدا بوون وە بە نمایشکردنی ئەم هونەرە، لەناو خۆمان و کۆمەڵگاکەماندا زیندوویان دەکەینەوە.

وەک وتم پێنجەمین تایبەتمەندی «هەڵپەڕکێ کوردی» بریتییە لەپێی لێدان . چونکە پێش هەموو شتێک سەمایەکی سەر بە نەتەوەیەکە کە بەشێکی زۆری خەڵکەکەی لە لە شاخەکاندا ژیاون. بۆیە بۆ ئەنجامدانی هەڵپەڕین پێویستیان بە قاچێکی بەهێز هەیە . بەهاری ساڵی ڕابردوو لە چیاکانی "هۆرامان"، بە چاوی خۆم پیاوێکم بینی کە دوو پیت نەوتی لەسەر شانی هەڵگرتبوو و بە ماوەی سێ کاتژمێر ڕێگا برین ئەم پەنجا کیلۆی بۆ ماڵەکەی برد. ئەگەر ئەم کەسە قاچەکانی بەهێز نەبێت ئەوا ماسولکەکانی پشت و کەمەری گوێڕایەڵی ناکەن. لەم ڕوانگەیەوە گرنگترین سەماکان لە "هەورامان"دا جۆرێکە لە سەمای کەمەر وپێ. چونکە بوونی ئەم جۆرە جووڵە ڕیتمییانە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی جوگرافییانە. بۆیە پێویستە هەموو ئەندام و جومگەکانی وەها مرۆڤێک بەهێز بن تا بتوانێت بە ئاسانی لە دژی ئەم سروشتە خەبات بکات و بە شانازییەوە بێتە دەرەوە. لە "هەڵپەڕکێ کوردی"دا، ئەنجامدانی پێدانی پێ و جووڵەی پێ لەسەر زەوی تەنها بۆ بەهێزکردنی ماسولکە و جومگەکانی پێ نییە. بێگومان بە دڵنیاییەوە ئەمەش خوازراوە. چونکە بۆ ئەنجامدانی تەنانەت سەمایەکی کورتیش، ئەو وزەیەی کە سەماکارەکان دەبێت بەکاری بهێنن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەورەیە؛ چونکە لە کاتی سەمادا هیچ ئەندام و جومگە و ماسولکەیەک نییە کە کەمتر بجوڵێت و بەردەوام چالاکی لەڕادەبەدەر نەبێت. ئەرکی گرینگتری هەنگاو لە «هەڵپەڕکێ کوردی» دا لە "مانای شاراوەی"دایە نەک لە شێوەی جەستەیی. وە پێکدێت لە لێدانی زەوی بۆ ئەوەی بەئاگا بێتەوە. مرۆڤ لە سەردەمی کشتوکاڵیدا پێویستی بە زەوییەکی زۆر بوو.ئێستاش هەروەها هەیەتی. لە ڕابردوودا هەموو تەواووی شانۆی تەراژیدیەکان یۆنانی لە شوێنێک نمایش دەکران، کە شوێنی یاریکردن لە شێوەی بازنە و شوێنی بینەر لە شێوەی نیمچە بازنەیەکدا بوون. تەنانەت لە لێکۆڵینەوەیەکدا بۆم دەرکەوت کە سەرچاوەی وشەیی ئۆرکێسترای یۆنانی ( گۆڕەپانی یاری) سەر بەو سەردەمەیە کە مرۆڤەکان پێیان وابوو زەوی وەک مرۆڤەکان هەبوونی سروشتی ""مێینە""ی هەیە. واتە پێیان وابوو کە زەوی دەتوانێت وەک مرۆڤ بەپیت بێت وە مرۆڤ دەتوانێت زەوی پیتێنێت و لە ئەنجامدا بەرهەمی زیاتر بەدەست بهێنن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش پیاوان ڕووت دەبوونەوە و لەسەر زەوی بە ڕووتی

سەمایان دەکرد وە خۆیان تێهەڵدەساویی بۆ ئەوەی زەویەکە بەپیت بێت. لە زمانی یۆنانیدا وشەی ئۆرکێسترا و کۆئەندامی زاوزێی نێر لە یەک ڕەگەوشەوە هاتووە.کەواتە ئۆرکێستر یان بازنە پێگەی ئەکتەرە یۆنانیەکان لەم ڕێوڕەسمەوە هاتووە. وە ئەمەش بە واتای بەئاگابوونەوە و پیتاندنی زەوی دێت. لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەم چەمکانە لەدەست چوون و بەرەبەردە لەبیرچوونەوە و چیتر بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا ناکەین. بەڵام لە نائاگایی ئێمەدا هێشتا پێویستییەک هەیە کە داوای یارمەتی لێ بکەین و هەوڵ دەدەین بە شێوازی جیاواز زەوی بەئاگا بهێنینەوە و پەیوەندییەکی کۆنکرێتی و ڕاستەقینەی لەگەڵدا بەدەست بهێنین؛ هەروەک چۆن جاران بە دەستماڵەوە پەیوەندیمان بە ئاسمان و سەروو سروشتییەوە دەکرد.



## جۆرەکانی «هەڵپەڕکێ کوردی»

ئەگەر لێکدانەوەی زانستی "جۆزێف کامپبێل" قبوڵ بکەین کە بەها و مانا و کارکردی ئەفسانە لە بنەڕەتدا سێ پۆلی تەواو جیاوازن کە پەیوەندییان بە:

ئا- ئەرک

ب- هێز

ج- چێژ

بەهۆی زۆر پشتبەستنی "هەڵپەڕکێ کوردی" بە ئەفسانە و هەڵوێستی ئەفسانەیی، هەموو سەماکانی چوار پارچەی کوردستان کە نزیکەی پەنجا جۆر یان شێوەی جیاواز هەیە، دەتوانرێت بەم شێوەیە دابەش بکرێن و بە سێ پۆل یان سێ جۆر هەژمار بکرێن.

## ئا- «هەڵپەڕکێ»ی پەیوەست بە ئەرک

لێرەدا مانای ئەرک هەم باوەڕی ڕێوڕەسمی پەیوەندیکردنە بە خوداوەندەکانەوە و هەم فشارە دژی شتە سەروو سروشتییەکان، هەم ئەرکی مرۆڤە بۆ دابینکردنی بژێوی و نانی ڕۆژانەی ئەو گروپەی کە بەرپرسیارە لێی.

لەم ڕووەوە مرۆڤ پەیوەندییەکی ڕێوڕەسمی لەگەڵ دیوەکەی تری سروشت و لەگەڵ سروشتدا دادەمەزرێنێت کە سەرچاوە و زامنی ژیانییەتی.

با بە کورتی پێداچوونەوە بە چەند نموونەیەکدا بکەین:

هەڵپەڕکێ "سێ پا" یان "سێ جار" کە باوترین جۆری «هەڵپەڕکێ کوردییە» لە هەموو ناوچە و شارەکانی چوار پارچەی کوردستان، دەتوانرێت وەک یەکێک لە «هەڵپەڕکێ» پەیوەست بەم بەشە سەیر بکرێت؛چونکە جگە لە ئامادەکاری و ئارامی دەبەخشێت بە سەماکاران(چونکە هەمیشە لە چوونەژوورەوە و سەرەتادایە)،نوێنەرایەتی بیروباوەڕێکی ئایینی زۆر کۆن دەکات بەهۆی پێکهاتەی سێ لێدانی پێ کە ئەنجامدەران بە یەکەوە و لە کاتی جووڵەدا وەک بیرۆکەیەکی سەرەکی دووبارەبووەوە یان "مۆتیڤ" بەکاریدەهێنن. سێ پێ دووبارەبوونەوەی هەمان "سێیەم" یان سێیەمی پەرستنی ئایین و ڕێوڕەسمییە:کاتێک ئێمە هەزاران ساڵ پێش ئێستا سێ خوداوەندی ئاهورا،ئ مێهر و ئاناهیتامان دەپەرست؛وە دوای دامەزراندنی ئایینی زەردەشتی بوو بە باوەڕ بە سێ بنەمای کردەوەی باش و قسەی باش و بیری باش. جگە لەوەش نابێت لەبیرمان بچێت کە ژمارە سێ لە بنەڕەتدا سەرەتای هاوسەنگییە. چونکە چ لە بنیاتنان و دروستکردنی شتەکاندا بێت ، چ لە تێکەڵکردنی پێکهاتەکان، یان لە پەیوەندییە خێزانییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بنەمای سێیەم هەمیشە سەرەتای یەکگرتوویی و پاراستنی هاوسەنگی بووە.

هەروەها هەڵپەڕکێ "رۆینە"ی مەریوانی ڕەهەندێکی تەواو ڕێوڕەسمی- ئەفسانەیی هەیە و پەیوەندی بە فەرهەنگی چاندنی سەردەمی کشتوکاڵی و وەک دووبارەیەکی ڕیتمیی چاندنی تۆو لە زەویدا هەیە.

"قەرەپیرەژن" هەروەها لە چوارچێوەی هەمان بیر و کولتووردایە کە پەیوەندی بە چاندنەوە هەیە، بەڵام لە فۆرمێکی زۆر ستایلدار و پاڵاوتەدا.لە جوڵەیەکی زۆر ڕێوڕەسمی و ناوەکیدا، سەماکارەکان نیشانی دەدەن کە چۆن بە پێی خۆیان وردە وردە تۆوەکان لە زەویدا نوقم دەکەن و دواتر لەناکاو لەسەر زەوی دادەنیشن و دواتر بە بازدانێکی تیژ خۆیان ڕادەکێشن بۆ سەرەوە. بەرزکردنەوە یان بازدان و بەرزکردنەوەی سەماکاران بزووتنەوەیەکی ئەفسوناوی ڕیتمیکە کە لە پشتەوە خواستی بەکۆمەڵی ئەو جووتیارانەیە کە بەنیازن ئەم تۆوە لە دڵی زەویەوە گەشە بکات.

هەڵپەڕکێی "سەحاری" یان "سەحوری" جگە لە دووبارەبوونەوەی شێوەی خۆر هیچی تر نییە، بەڵکو ستایشی هێزی ژیانبەخش و بوونی ماددی و مەعنەویی ڕووناکی و هەرەمی خۆر و ئاهەنگگێرانی خوداوەندی میهر ، کە لە تەلارسازیی فێستیبول هێڵکاریدا «هەشتیی»(کە دەرگای چوونە ژوورەوەی ماڵەکان بوو)، دروست کردنی شێوەی دەف و دەهووڵ، خەڕیی نان، بەستنی ئەڵقەی بووکێنی و داگیرساندنی کۆشکی ئاگر، هەموو جارێک بە فۆرم و کۆد و هێما و ڕێکەوتننامەیەکەوە یادی دەکەینەوە وە بە نرخی دەدەنین.

هەڵپەڕکێ "چەمەڕێ" یەکێکە لە کۆنترین ڕێوڕەسمە هێمادارەکانی مرۆڤ بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی مەرگە. ڕێوڕەسمەکانی پەیوەست بە مردن، دوای ڕێوڕەسمەکانی پەیوەست بە سەروو سروشتی و ڕێوڕەسمەکانی پەیوەست بە سروشت، سێیەم پۆلی ڕێوڕەسمەکانن کە مرۆڤەکان لە قۆناغی کشتوکاڵیدا دروستی کردوون بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەم سێ چەمکە و لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێوڕەسمانەوە بە خۆبەزلزانینەوە ببنە یەکێک لەگەڵ ڕۆحی جیهان تا بە ڕزگاری بگات. لەم ڕێوڕەسمەدامەراسیمی بەخاکسپاردن و زیندووکردنەوەی دوای جیهانی مەرگ، بە ئیلهام لە توخمەکانی سروشت وەک دار و ڕووەک،بۆ مرۆڤ زۆر گرنگ و مانادار بوو.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش "چەمەری" یان "چاومەری" (بە واتای "چاوەرەی تۆم" و چاوەڕێی گەڕانەوەی مردووەکان) لە بازنەی سەماکارە ڕەشپۆشەکان و گوڵ داپۆشراوەکاندا کە بە ئاراستەی دژە کاتژمێر دەسوڕێنەوە بۆ ناوەوە "چەمەرگە"، و بە جووڵاندنی هەردوو دەست و مەچەک بەیەکەوە بە دوو ئاراستەی پێچەوانە هێمای زۆر بەهێزی مردن و ئارەزووی گەڕانەوەی نیشان دەدەن، یەکێکە لە گرنگترین سەماکانی پەیوەست بەم پۆلە.

هەروەها هەڵپەڕکێ "ڕۆ-ڕۆ" هەمان چوارچێوە و مانای هەیە و باس لە مەرگ و ڕۆشتن دەکات.

بازنە واتە گەڕانەوە بۆ سەرەتای هەموو شتێک.واتە ئەو ئەبەدییە ونبووەی کە مرۆڤ هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێت. وە جێگەی سەرسوڕمانە کە هیچ فۆرم و ڕێزێکی سەمای کوردی نییە کە لە شێوەی بازنەدا نەبێت. بە شێوەیەکی شەخسی و بە چاوی خۆم لە شاری سەقز من ئاهەنگێکی«هەڵپەڕکێ کوردی»م بینیوە کە ٨٠ کەس دەستیان گرتووە و لە بازنەیەکدا هەڵدەپەڕین، هەروەها بینیومە چوار کەس بوون.دیسانەوە کەوانەیەکیان بە سووڕی ڕیتمیی خۆیان دا و بەبێ ئاگاداری خۆیان لە بازنەیەکدا هەڵدەپەڕین.

**ب- هەڵپەڕکێ پەیوەست بە هێز**

**لەبەرامبەر سروشتی بێدەسەڵات و کێشەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، لۆژیکی دەسەڵات لە هەر چەمکێک بۆ مرۆڤ بەهێزترە.مرۆڤ بە شێوازی جیاواز بەدوای هێزی خۆیدا دەگەڕێت بۆ زاڵبوون بەسەر ژینگەی دەوروبەریدا.لەم روانگەیەوە زۆرێك لە سەما کوردییەکان لە رێڕەوی جووڵە و ئەرك و ئەفسانەکانەوەن کە گەرەنتی وزامەنی گەشەسەندنی دەسەڵاتی مرۆڤ دەکەن. بۆیە دەتوانرێت دەیان «هەڵپەڕکێ کوردی» لەم چەمکەدا جێگیر بکرێت.لەنێویاندا هەڵپەڕکێ "شەلان" هەیە، کە لە هەموو ئاهەنگێکدا بەناوبانگە و بەڕێوە چونەکەی زۆر خۆشەویستە.ئەم هەڵپەڕکێیە تەنیا بۆ نەهێشتنی ماندوێتی قاچەکانی «سەرچۆپی کێش» و هاوڕێکانی تری کاتێک ماسولکەکانی قاچیاندا دەگیرێت بەهۆی چڕی یان درێژی سەماکە؛ نییە، بەڵکو مۆدێلێکی جوڵەیە و زۆر کۆنە، لەسەر بنەمای شەڕ و واقیعە کۆنکرێت و توندەکانیان دارێژراوە. وە هەمووومان دەزانین کە یەکێک لە بەشە هەمیشەیی و حاشا هەڵنەگرەکانی هەر شەڕێک، هێزە پەککەوتوو و برینداڕەکانیەتی. لێرە لە «هەڵپەڕکێ شەلاندا» بشداران بە جوڵەیەکی ڕەمزی نیشان دەدەن کە هەمیشە لە شەڕدا بریندار هەن کە دەبێت سەرەتا بە قاچێک بجوڵێن. بریندارکە بە ڕیتم و سەما وهەڵپەڕکێ نیشان دەدات کە ناتوانێت قاچێکی بجوڵێنێت. پاشان لە دڵی خۆیدا دەڵێت: مەترسە! پاشان بە هاوسۆزی و یارمەتی کەسانی ترەوە هەوڵ دەدات و دواجار بە ئیرادەی خۆی هەڵدەستێت و دواتر بە هەمان قاچی سالەم، جوڵەیەکی وەها بەهێز یان هەڵپەڕکێکی قاچێک دەکات و سۆز و هێزێکی وا نیشان دەدات کە زیاتر و شایستەتر دەبێت لە هەڵپەڕکێ دوو قاچ.**

**هەڵپەڕکێکی تر کە چەمکێکی جەنگی زۆر دیار و جوانی هەیە و لەم چوارچێوەیەدا جێی دەبێتەوە و زۆر بە جوانی و بە سۆزەوە نمایش دەکرێت، هەڵپەڕکێیی "زەنگی"یە. بێ هیچ گومانێک دەبێ بڵێین وشەی "زەنگی" وەرگێڕانێکی شێواوی وشەی "جەنگی"یە. چونکە جوڵە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی، کە بەشداربووان بە لێدانێکی زۆر بەهێز و ورووژێنەر ئەنجامی دەدەن، هیچ نین جگە لە ڕووخساری نەخشێنراو و ڕیتمی و ڕەمزی کۆمەڵێک جەنگاوەر کە بە یەکەوە سێ جووڵەی هێرشکردن و شەڕکردن و پاشەکشە دەکەن.**

**هەروەها "هەڵپەڕکێ سوارانە" باس لە پەیوەندییە دێرینەکانی نێوان مرۆڤ و ئەسپ دەکات، هەروەها لێهاتوویە داستانییەکانی. هەڵپەڕکێیەکە کە ئیلهام لە ڕۆڵی ئەسپ لە هەوراز و نشێوی ژیانی مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن وەرگیراوە.**

**هەروەها هەڵپەڕکێ"چی چان" وهەڵپەڕکێ "فەتاح پاشا" ڕۆحی شەڕانی و بەهێزیان هەیە و باس لە هەموو لێهاتوویی جەستەیی و هێزی شەڕی مرۆڤ دەکەن.**

**هەروەها هەڵپەڕکێ "سەمکوڵانە" ڕاستەوخۆ ئیلهام لە پەلەکردن و سوڕانەوەی جەستە و جووڵەی "سەم" و پێی ئەسپەکان لە دڵی بەردەکان وەردەگرێت. چونکە وشەی "سمکۆ"،هەروەها بە واتای ڕێگایەکی بەردین دێت. لەم هەڵپەڕکێ جوڵە ئاڵۆز و توند وبەهێز و ڕەق و لێدانەکانی پێی بشداران بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر دووبارەبوونەوەی پاڵاوتەی لێهاتوویی جەستە و قاچی ئەسپە گەنجەکان لە دڵی ڕێگا بەردینە سەختەکەدا وەبیر دەهێنێتەوە. وە هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە مرۆڤ - بە یارمەتی هەڵپەڕکێ - بەهێزتر بێت و لە دۆخە سەختەکاندا خۆی بپارێزێت. لایەنی داستانی و ڕۆحی جەنگاوەری فەرهەنگی کوردی لەم پۆلەدا بە باشترین شێوەیە، کە خۆی نیشان دەدات چونکە لە ڕووی فۆرم و جوڵە و ناوەڕۆک و ڕیتمەوە ئەم هەڵپەڕکێیانە بە شێوەیەکی دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش و بوێر و شەڕخوازن.**

## ج- هەڵپەڕکێکانی پەیوەست بە چێژ

**ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە لایەنێکی شێعریان هەیە و باس لە خۆشەویستی و سۆز و خۆشەویستی مرۆڤەکان دەکەن، بە بینینی جوانی و گۆشە سۆزداری و شاراوەی ڕۆحی قسە دەکەن. ئەم پۆلە دەبێ بە مرۆڤانەترین و ناوەوەترین و نەرمترین و ناسکترین بەشەکان هەژمار بکرێت، چونکە لە ستایشی وردبینییە سۆزدارییەکان وسۆز و خۆشەویستی ڕۆمانسی و سۆزی گەنجیدایە؛ و لە پەرەسەندنی دەروون و کەسایەتی مرۆڤ سەرهەڵدەدات و لە قۆناغێکی دوور لە شەڕی گرووپی و ململانێی نەتەوەیی، لە ناخی شار و شارستانییەتدابە ئارامی و پەروەردی ڕۆح و جەستە گەیشتۆوە. مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم هەڵپەڕکێیانە هەمیشە گرنگیدانە بە کامڵبوون و جوانی مرۆڤ بە تایبەتی جوانی ژنانی گەنجە؛ چونکە ناوەندی هەموو بەهاکانە،جوانیەکان و ڕێزلێنانی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ هەرئەوە. هەرچەندە شێوە و دیزاینەکانی ئەم پۆلە وەسفکەری ژن و جوانین و زۆر نەرم و خۆشەویستانە ئەنجام دەدرێن، بەڵام هەرگیز تاکەکەسی و هەستیاری وە ورووژێنەر نەبوو و لە بازنەی ڕێزگرتن و ستایشی جوانی ناچێتە دەرەوە.**

**هەندێک لە نموونە بەناوبانگەکانی بریتین لە هەڵپەڕکێ"لەنجە"، "سۆن ڕفت"، "چێ پی"، "لیبنان" و "سەملی سەما".**

**دوا وشە**

**ناکرێ رۆڵی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پێداویستییە سروشتییەکانی هەر ناوچەیەک لە سەرهەڵدانی جۆر و کوالیتی سەما وهەڵپەڕکێکاندا پشتگوێ بخرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین هەموو هەڵپەڕکێ وسەمایەک ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕەسەن و جوگرافی ئەو ناوچەیە لە سەرهەڵدانی شارستانییەتەوە تا ڕۆژگاری ئێمە.**

**ئەم سەما وهەپەڕکێیانە کە لە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا و لە ماوەی هەزاران ساڵدا دروست بوون،ئامانجیان ئەوەیە کە مرۆڤ نەک تەنها پەیوەندی خۆی لەگەڵ سروشتدا بەڵکو لەگەڵ سەروو سروشتیشدا ڕوون بکاتەوە و تێگەیشتن و نەرمی و هاوسۆزی لە نێوان خۆی و هێزە باڵاکاندا دروست بکات.**

**خاڵێکی دیکە ڕۆڵ و نمایشی ئەم سەما وهەڵپەڕکێیانە و دووبارەبوونەوە و نمایشکردنیان لە چەسپاندنی پەیوەندییە دەستەجەمعییەکان و بەهێزکردنی نائاگایی نەتەوەییە. ئەم جۆرە نمایشە کولتوورییانە تاک و گروپ لە یەکتر نزیک دەکاتەوە و تاک زیاتر ئاشنا دەکات بە کلتور و بیروباوەڕەکانی. ڕەنگە گرنگتر لەمانەی سەرەوە ئەوەیە کە پاراستن و نمایشکردن و دووبارەکردنەوەی ئەم هەڵپەڕکێیانە "سۆزی ژیان" دەهێڵێتەوە و لەدەستی نادات. چونکە سەرەڕای هەموو ئەو ئازارە سروشتی و گرفتە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرانەی کە کۆمەڵگای کوردی بە درێژایی مێژووە دوور و درێژەکەی تووشی بووە، "هەڵپەڕکێ" بە هۆی شێوە و ماناکەیەوە، و ئەو ڕێز و پێگە بەنرخەی کە هەیەتی، ئیلهامبەخشی زۆری سۆز و وزە و جووڵە و بەختەوەری لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردیدا بووە. وە ئەمەش بووەتە هۆی دڵخۆشی و گەشبینی بەرامبەر بە ژیان. بۆ "هەڵپەڕکێ"، ئەم ئەرکە بە شتێکی بنەڕەتی و زۆر هەستیار دادەنرێت، چونکە هەمیشە تا ڕادەیەکی زۆر لە دڵەڕاوکێ و تاڵیی و ڕەشبینی خەڵک و پێشکەشکارانی کەم کردووەتەوە.**

**خۆشحاڵی خۆم ناشارمەوە کە لەم ڕۆژانەدا لە هەموو شارەکانی کوردستان خەریکە «هەڵپەڕکێ»دووبارە زیندوو دەکرێتەوە.**

**نووسەر:دکتۆرقوتبەدین سادقی، مامۆستای زانکۆی هونەر**

**«دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بە ئاماژەدان بە سەرچاوەی "فراتاب" قەدەغە نییە»**

**http://www.faratab.com/news/١١٣٤٤**